# مێژووی شانۆی کوردی

## «ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان»

موحسین محەمەد

(١ - ٢)

**پێشەکی**

هونەری شانۆی کوردی لە کوردستانی باشوور بە پێی بەڵگە و تێڕوانینە جیاوازەکان، بە گشتی وەک هونەرێکی نوێ تەماشا کراوە، هەر لەبەر ئەو هۆیەش بووە، سەرەتای لێکۆڵینەوە و گەڕان بە دوای ڕەچەڵەکی ئەو هونەرە لە کوردستاندا زۆر نوێترە لەپێشاندان و بڵاوبوونەوەی دەقە شانۆییە کوردییەکان.

ئەگەر ئەو هونەرە لە بیستەکانی سەدەی ڕابوردوو لە کوردستانی باشوور پەیدا بووبێت، ئەوە لێکۆڵینەوە و گەڕان و پشکنین و بە ئەرشیڤکردنی بزاڤی شانۆیی، نزیکەی پەنجا ساڵ دوای پەیدابوونی ئەو هونەرە بووە. بێ گومان ئەو جیاوازییە، هۆکاری تایبەتی خۆی هەبووە، لەپێش هەموو ئەمانە، کزی بواری ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی کوردی و نەبوونی دەزگای کارگێڕی و هونەری، درەنگ پەیدابوونی تیپی شانۆیی بووە. سەرباری هەموو ئەمانەش، لایەنە پیشەییەکە نەیتوانیوە ڕێچکەی مێژوویی خۆی وەربگرێت.

لە بابەتی مێژووی شانۆدا ڕاستییەکی زانستی هەیە، ناتوانرێ خۆمانی لێ لابدرێت، ئەویش بابەتی کات و شوێنی بەرهەمهێنانە بەپێی سەردەمەکان. هەر لەبەر ئەوەیە، مێژووی شانۆی عەرەبی دابەشی مێژووی شانۆی وڵاتانی عەرەبی بووە، وەک: شانۆی ئێراقی و شانۆی میسری و شانۆی مەغریبی، لە ڕووی بابەتەوە شانۆی ئەو وڵاتانە، بە حوکمی ئایینی ئیسلام، چەندە لەیەک نزیک بن، بەڵام دیسان جیاوازییەکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە، ئەمە کەموکورتی نییە، بەڵکو ڕاستییەکی زانستییە، پەیدابوون و بەردەوامی هونەری شانۆ پێوەندی بە ژینگەوە هەیە، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ بوارە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی دیکەدا هەیە. هەر ئەو هۆکارە بوو وای لەمن کرد بەو چاوە تەماشای مێژووی شانۆی کوردستانی

باشوور بکەم، وەک ژینگەیەکی هونەری سەربەخۆ، جیاواز لە ژینگە شانۆییەکانی ڕۆژهەڵات و باکوور و ڕۆژئاوا. ئەو شێوازی ئیشکردنە هیچ پێوەندییەکی بە لاوازی، یان کورتبینی هەستی نەتەوەییەوە نییە، بە پێچەوانەشەوە، ئەوانەی بە چاوێکی گشتی تەماشای مێژووی شانۆی کوردی، هاوشێوەی ئەدەبی کوردی دەکەن، ڕوحیەت و هەستی نەتەوەییان لە ئێمە زیاتر نییە، بۆیە من ئەو بابەتەم هەر لێرەوە فەرامۆش کردووە. زۆر پێم خۆشە بەردەوام بەرهەمی شانۆیی و وتار و لێکۆڵینەوەی پارچەکانی دیکەی کوردستان ببینم و بخوێنمەوە، بەڵام ئەوەی بۆ من گرنگترە، مێژووی شانۆی کوردی هەرێمی کوردستانە.



نەجیب حەداد، نووسەری شانۆگەری «سەلاحەددین ئەیوبی»

## ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان لە بارەی مێژووی شانۆی کوردی

مێژووی شانۆی کوردی چەشنی شانۆی نەتەوەکانی دیکە، بەتایبەتی نەتەوەکانی دەوروبەر و داگیرکەری خاکی کوردستان، بیروبۆچوون و ڕای جیاوازی زۆری لەسەرە، ئەمەش شتێکی زۆر سروشتییە، وەک وتمان هونەرەکە لە بنەڕەتدا نوێیە، هەر بۆیە ڕاوبۆچوونی نوێ و جیاواز لەخۆ دەگرێت. لێرەدا دەمەوێ پوختەی ئەم پاژە بەچەند دێڕێک پێناسەی ئەو جیاوازییانە دەربخەم، ئینجا دواتر بەدرێژی دەچمە ناو هەر یەک لەو بیروبۆچوونە جیاوازانەوە. دەستەیەک بڕوای وایە: گەلی کورد لە کۆنەوە هونەری شانۆیی هەبووە و مێژووەکەشی بۆ سەدەکانی بەر لە زایینی دەگەڕێتەوە و دابەشی دوو قۆناغی دەکات، شانۆی کۆن و شانۆی نوێ. دەستەیەکی دیکە پێیان وایە: لە کەلەپوور و دابونەریتی کوردەواریدا ڕواڵەت و کردەوەی لە شانۆ چوو هەیە، بەڵام ئەو ڕواڵەت و کردەوانە هیچ پێوەندییەکیان بە هونەری شانۆی نوێوە نەبووە، زنجیرەکە پچڕاوە. دەستەیەکی دیکە پێیان وایە: ئەو هونەرە ڕەسەن نییە و لە پڕێکدا لە کوردستان لە ژێر کاریگەری شانۆی تورکی و عەرەبی پەیدابووە، لەهەمان کاتدا بڕوایان بەوە هەیە لەناو دابونەریتی کوردەواریدا هەندێک کاری نواندن و تەمسیل هەن بۆنی شانۆیان لێ دێت. دەستەیەکی دیکە پێیان وایە: هونەری شانۆی کوردی نوێیە و لە بیستەکانی سەدەی ڕابوردوو پەیدابووە، پێشتر گەلی کورد ئەو هونەرەی نەناسیوە و ئەو شێوازانەی ناو دابونەریتی کوردەواری هیچ پێوەندییەکی بە هونەری دراماوە نییە. دەستەیەکی توندڕۆی دیکە هەیە: کە زۆرینەن و لە دوای حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو پەیدابوونە، لەو بڕوایەدان شتێک نییە بەناوی شانۆی کوردی، ئەوەی کە کراوە، یان ئەوەی کە هەیە، بزاڤێکی شانۆییە، لاساییکردنەوەی هونەری شانۆی ئەورووپایە، بەڕاستی من ئەوانەی دەستەی دواییم بەتەواوی فەرامۆش کردووە، بەبڕوای من هەبوون باشترە لە نەبوون، بەڵگە زۆرە بۆ هەبوون، با جیاوازی بۆ خوێندنەوەی ئەو هەبوونە هەبێ، ئەمە گفتوگۆ و بیرکردنەوە دروست دەکات، بەڵام نەبوون گفتوگۆ و بیرکردنەوە دادەخا و ڕایدەگرێ، بەتایبەتی ئەوانەی دەستەی دوایی یەک دانە لێکۆڵینەوەیان لەسەر شانۆی کوردی نەکردووە کە بیسەلمێنێ سەر لەبەری شانۆی کوردی بە کولتوورەکەشەوە، لاساییکردنەوەیە، بۆیە ئەوانە شایانی گفتوگۆ نین، تەنیا فەرامۆشکردن نەبێ.

## ڕاوبۆچوونی یەکەم ۱۹۱۹

**گەلی کورد لە کۆنەوە هونەری شانۆیی هەبووە، مێژووەکەی بۆ سەدەکانی بەر لە زایینی دەگەڕێتەوە.**

هونەری شانۆی کوردی بە واتا کولتوورییەکەی، ڕاوبۆچوونێکی نیشتمانییە، پێوەندییەکی زیندووی بە کولتووری گەلی کوردەوە هەیە لە هەموو پارچەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی لە شێوەزار و کاریگەریی میللەتی داگیرکەری باڵادەست لە باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان. لە پشکنین و گەڕانەوە بۆ پێکهاتە هونەری و ئەدەبییەکانی کولتووری زۆر سەختە، یان هەر ناتوانرێ مێژووەکەی، یان سەرەتای پەیدابوونی ئەو هونەرە دیاری بکرێت، لەبەر ئەوەی

چالاکییە کۆمەڵایەتییە کولتوورییەکان بۆ سەردەمە هەرە دێرینەکان دەگەڕێنەوە، بەڵکو بۆ قۆناغەکانی بەر لە پەیدابوونی یەکتاپەرستی دەگەڕێنەوە. بیروڕای (شانۆی کوردی ڕەسەن) لە ڕۆشنبیری کوردیدا زۆر نوێیە، بۆ نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو دەگەڕێتەوە، هەرچەندە ئەو بۆچوونە لەلایەن کەسانی بیانییەوە بۆ دەیەی دووەمی سەدەی ڕابوردوو دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو ڕایە زۆر درەنگ گەیشتە کوردستان. ئەو بۆچوونەی بیانی بۆ ساڵی ١٩٨٧ دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی کتێبی (یادداشتەکانی مێجەر نۆئێل) لە کوردستانی باشوور بڵاوکرایەوە. تا ئێستا بەپێی زانیاری من، نۆئێل یەکەمین کەسە کە بڕوای وایە کورد شانۆی هەیە، هەرچەندە بەر لە دە ساڵ کورد بۆ خۆی دەستی بەهەڵدانەوەی ئەو لاپەڕەیە کردبوو، بەڵام تا ئەوساکە لە قۆناغی سەرەتاییدا بوو، ناتوانین بیشارینەوە، ئەم ڕایە لایەنگیری زۆر دەگمەنە، بەڵکو هونەری شانۆی کوردی بە چەندان بۆچوونی دیکە پێناسەی نیشتمانی بۆ کراوە، کە دواتر باسی دەکەین. ئێستا بەر لەوەی لەبارەی ڕەسەنایەتی شانۆی کولتووری نەتەوەییمانەوە بۆ سەرچاوەی کوردی بگەڕێمەوە، وا باشترە ئاوڕێک لەو بۆچوونەی (مێجەر نۆئێل) بدەینەوە، بابزانین ئەو چۆن ئەو بۆچوونەی خۆی ئەوها گەڵاڵە کردووە. بە پێی یادداشتەکە، نۆئێل ئەفسەرێکی سیاسی بووە لە سوپای ئینگلیزەکان لە دەیەی دووەمی سەدەی ڕابوردوو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری گەشتێک بۆ کوردستان دەکات، ئەو جگە لە لایەنە سیاسی و سەربازی و زانیارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، لە ڕاپۆرتەکانیدا باسی هەندێ لایەنی زۆر گرنگی کولتووری دەکات، یەکێک لەوانە هونەری شانۆ و سەما و گۆرانی و مۆسیقایە. لە سەرەتادا پێمان دەڵێ:

«یادداشتەکانم بەو ڕاپۆرتە کۆتایی هات کە لە ١٤/٤/١٩١٩دا لەبارەی سەردانی ناوچەی دیاربەکرەوە نووسیبووم» (١).

کەواتە هەموو ئەو بابەتە کولتوورییانەی کە ئەو باسی کردوون لە ڕووی مێژووییەوە دەکەوێتەوە خوار ساڵی ١٩١٩، ئینجا لێرەدا ئیشی من تەنیا دەکەوێتە سەر بابەتە کولتوورییەکە، ئەوەی پێوەندی بە پێشاندان و لایەنە هونەرییەکەوە هەیە، ئەوەی کە نۆئێل بە هونەری شانۆ ناوی بردووە. ئەو ئەفسەرە کە کاری ڕەوانەکردنی زانیاری بووە بۆ بەریتانیا، بە شێوەیەکی زۆر پیشەیی و زانستی کاری کردووە، زمانی فارسی زانیوە، لە کوردستانی باشوور خۆی فێری زمانی کوردی کردووە. زۆر گرنگە ئاماژە بۆ ڕوونکردنەوەیەکی هەردوو وەرگێڕەکە بکەم کە دەڵێن:

«ئێمەی وەرگێڕ و بەتایبەتی وەرگێڕە ئینگلیزییەکە پڕ بە پڕی دەقەکانمان وەرگێڕاوە و لە هەر شوێنێکدا دەسکاریمان کردبێت پەنجەمان بۆ ڕاکێشاوە» (٢).

نۆئێل لە ڕاپۆرتی ٣٠ - ی ئاب دەڵێ «ئەمڕۆ بەرەو هاوینەهەواری یەعقووب پاشای سەرۆک خێڵی ئاتەمی دەڕۆین، تورکەکان بەم خێڵە دەڵێن - کورد ئاتمیللی. یەعقووب پاشا لەگەڵ شەست سوارێکدا بەتەقە و دەف و دایەرە و شمشاڵەوە هەتا نیوەی ڕێگا بە پێشوازیمانەوە هاتن. بە ئاهەنگ و گۆرانی پێشوازییان لێ کردین» (٣).

ئەوەی لەو نمایشەدا دەیخوێنینەوە، بوونی ڕوحیەتی پێشاندانە بۆ مەبەستی هێنانەدی خۆشی بۆ میوانێکی بیانی، کە دیارە کورد هەر لەکۆنەوە ڕێز و حورمەتی زۆری بۆ میوان بەگشتی و میوانی بیانی هەبووە. دوای ئەوەی خوانێکی هەمەڕەنگی مەزن بۆ میوانەکەمان ڕێکدەخرێت، لە سەربازگەی (یەعقووب پاشا)دا ئەوەی بۆی کراوە بەم شێوەیە دەیگێڕێتەوە «لەوە دەچوو هاتنی ئێمە سۆز و گیانی نەتەوایەتی جۆش دابێت. دەهۆڵ و زوڕنا ئامادەکراوە، لەسەر ئاوازە ناسک و دێرینەکانی کورد دەست خۆی کشانە ناو دەست و ئەڵقەیەکی گەورەی هەڵپەڕکێ دروست کرا، سەما و هەڵپەڕکێی نەتەوەی کورد لە زۆر لایەنەوە دەشوبهێنە سەر سەمای گریکەکان کە پێی دەوترا (هورا)، بەتایبەتی لەوەدا کە سەماکاران پاڵ ئەدەن بەیەکەوە و دەست دەخەنە ناو دەستی یەکتر و نیوە ئەڵقەیەک دروست دەکەن، لەسەرەتاوە بەرەو دوا بە پێیان دەکەن، لەپاشا بە لەشیان، لەگەڵ ئەو جووڵان و هاتوچۆیەشدا تاو نا تاوێک قریوە ڕووەو ئاسمان دەپێکێت! هەنگاوی سەمای کوردی لە (هورای) گریکی شێنەیی ترە، بگرە زۆریش لەیەک جیان، من وەسفی هەڵپەڕکێی کوردی ئەتوانم بەمە بکەم کە جووڵانێکی شەپۆل ئاسای ناسکی هەموو ئەڵقەیەکە لەسەر ئاواز و جووڵانی هارمۆنی مۆسیقا، وەک سروەی بەیان چۆن گوڵە گەنمەکان دەخاتە سەما و هەڵپەڕکێ!» (٤).

لە خوێندنەوەی ئەو بینینەی نۆئێل بۆ شاییەکە کە ئەو بەسەما ناوی بردووە، دوو شتی گرنگ هەڵدەهێنجین، یەکەم شاییەکە جۆرێکە لە لاساییکردنەوەی سروشت، بەهۆی کاریگەریی وزەی با لەسەر ڕووەک و دارودرەخت و گوڵە گەنمەکان. ئەو بۆچوونە تەکەز کردنە لەسەر

پەیدابوونی سەما لە لاساییکردنەوەی جووڵانەوەی دارودرەخت و گژوگیا. دووەم پێشاندانێکی پێکهاتەی شاییەکەیە، بە کۆمەڵە مرۆڤێک لەیەک جەستە و یەک ئاواز بۆ ئەفراندنی هونەرێکی شێوەکاریی گوزارەی جەستەیی. ئەو یەکپارچەییە لەو شاییەدا، یەک بینین دەخولقێنێ، کە نۆئێل بە سروەی بەیان و سەما و هەڵپەڕکێی گوڵەگەنمەکان دەیناسێنێ. ئەو لێرەدا هەردوو زاراوەی سەما و هەڵپەڕکێی بەکارهێناوە. لە کولتووری کوردیدا ئەو جۆرە هونەرە بە شایی دەناسرێ، نەک سەما. لە هونەری سەمادا کۆمەڵەی سەماکاران نابنە یەک، دەستی یەک ناگرن، ئەوان تاک تاکە بەجووڵانەوەی هاوشێوەیی و یەک ڕیتمی، ڕووبەڕووی یەک، یان پشتیان لەیەکە سەما دەکەن. شایی لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەشداران دەستی یەک دەگرن، لە هەندێ شاییدا، تاک دێتە دەرەوە و بەتەنیا سەما دەکات، پاشان دەچێتەوە ناو شاییەکە، یان تا کۆتایی بەردەوام دەبێت، بێ گومان لە کولتووری کوردیدا لە هەندێ ناوچەی کوردستان بە شایی دەگوترێ ڕەقس، واتە سەما، ئەو جیاوازییە بەلای منەوە زۆر گرنگ نییە، ئەوەی کە پێوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەیە، بابەتی لاساییکردنەوە و پێشاندانە، کە دواتر لەلای (مێجەر نۆئێل) دەبێتە هونەری شانۆگەری.

هەر لەهەمان شوێن و ئاهەنگدا یارییەک پێشکەشی میوانەکەمان دەکرێت، کە بەو شێوەیە بۆمانی دەگێڕێتەوە، «لە دوای هەڵپەڕکێ دەست کرا بە یارییەکی خۆش کە پێیان دەوت (تورا):

پیاوێک هەردوو دەستی لەسەر سەری دائەناو بە قونکەو (وێرغە) بۆ ماوەی ٣٠ - ٤٠ یاردێک ڕای دەکرد، لە دوویدا پەت، یان شولکێک دەگرێتە دەستی سەماکەرێکی دیکە.. ئەو یارییە کۆنانە چەند کاژێرێکی خایاند، خۆشی و ئاهەنگی گەرمی وروژاند، پیاوانی ڕدێن سپی ٧٠-٨٠ ساڵە بەشدارییان تیا دەکرد». (٥)

لەو پێناسەیەی نووسەردا سێ زاراوەی گرنگمان بەرچاو دەکەوێت، ئەویش یاری و ئاهەنگ و سەماکارە، کە پێوەندییەکی زیندوویان بە بنەماکانی پێشاندانی شانۆی کۆنەوە هەیە. لە درێژەی یادداشتەکانی (مێجەر نۆئێل)دا دەگەینە شوێنێکی گرنگ کە لە مێژووی شارستانیەتە کۆنەکاندا، پێوەندیەکی ڕیشەیی بە بنیادی هونەری درامییەوە هەیە، ئەویش سرووتی جەنازەییە، لەو سرووتەدا جۆرە پێشاندانێک تێکەڵ بە سرووتەکە دەبێت، ڕیشەی بۆ لاساییکردنەوەی کردەوەی مرۆڤە



شانۆگەری «سەلاحەددین ئەیووبی»، ساڵی ١٩٣٠

مردووەکە دەگەڕێتەوە. نۆئێل لە بابەتی نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی عەشیرەتی (بەرازی) لە (سبیرک) ناوچەی (ئورفا) دەڵێت:

«لەناو کوردەکاندا باوە مردووی سامانداری سیلە و گۆڕەکەی بۆ پڕ فەرش دەکرێت و ژێر سەریشی بۆ دائەنێن، مردووی هەژارانیش کە زۆربەیان نیانە تابووتێکی تایبەتیان بۆ بکڕن، بە تابووتی گشتیی مزگەوت ئەبرێن بۆ گۆڕستان. سێ ڕۆژ پرسەی بۆ ئەگێڕن و لەدوای پرسەش خێزانەکەی خۆیانی بۆ ڕەشپۆش دەکەن، لە هەندێ شوێندا شانۆگەرییەک بۆ مردوو سازدەکرێ، جلوبەرگ و چەکی دەستی و وڵاخی مردووەکە ئامادە دەکرێن و شین و چەمەرانە گەرم دەکرێت». (٦)

وەک تێبینی دەکەین نووسەر لێرەدا ڕاست و ڕەوان زاراوەی شانۆگەریی بەکارهێناوە، کە پشتی دێڕەکان دەخوێنینەوە، تێدەگەین نووسەری یادداشتەکە تەنیا ئەو شتانەی تۆمارنەکردووە کە بینیویەتی، بەڵکو لەگەڵ هەر بینینێکدا پرسیاری دیکەی کردووە. بۆ نموونە، لەباسکردنی یاری (تورا) دەڵێت: «سەماکار پەت، یان شولێک دەگرێتە دەست». (٧)

بێ گومان، ئەو یارییەی ئەو بینیویەتی، بە پەت، یان بە شولێک کراوە، ڕەنگە پەتەکە بووبێت، ئەویش پرسیاری کردبێت، ئەگەر پەت نەبوو، ئەو یارییە چۆن دەکرێت، ئەوانیش وتوویانە بە شولێک دەکرێ، ئەوەش نابێت، یارییەکە لەیەک کاتدا بە هەردووکیان کرابێت. لە سرووتە جەنازەییەکەشدا بە ڕاشکاوی دەڵێت: «لە هەندێ شوێندا شانۆگەرییەک بۆ مردوو سازدەکرێ». (٨)

واتە ئەو ڕۆژە کە لە ناو هۆزی (بەرازی) بووە ئەو شانۆگەرییەی کە نووسەر ناسیویەتی نمایش نەکراوە، ئینجا لێرەدا ڕەنگە نووسەر بە پرسیار گەیشتبێتە ئەو ڕایە، یان ئەوەتا ئەو بەڕاستی لە شوێنێکی دیکەدا ئەو

شانۆگەرییەی بینیوە، بۆیە دەڵێت: «جلوبەرگ و چەکی دەستی و وڵاخی مردووەکە ئامادە دەکرێن و شین و چەمەرانە گەرم دەکرێت». (٩)

بەڵام بۆ ناوی شوێنەکەی نەهێناوە؟! یان چۆن گەیشتە ئەو بڕوایە، ئەوەی سازدەکرێت شانۆگەرییە؟ بەڕای من ئەوە هی خۆیەتی، ناکرێ کەسێکی دیکە زاراوەی شانۆگەری بۆ ئەو بەکارهێنابێ، ئەگەر وابوایە، ئەوە حەتمەن، لە شوێنێکی دیکە بابەتی شانۆگەری دووبارە دەبووەوە. لێرەدا پێویستە بۆ ڕوونکردنەوەی هەردوو وەرگێڕەکە بگەڕێینەوە، کە دەڵێن لە هەر شوێنێکدا دەسکاریمان کردبێت پەراوێزمان بۆ نووسیوە، ئەمە شتێکی زۆر ئاساییە، بەڵام لە پەراوێزدا ناکرێ بەو شێوەیە لەجیاتی نووسەرەکە بڵێن (شانۆگەرییەک پێشکەش دەکرێت).

لە پەراوێزی ژمارە (١١٢) ئەوەیان ڕونکردووەتەوە، دەڵێن:

«ئەمە لە هەندێ ناوچەی کوردستانا پێی دەوترێت کۆتەڵ و ئاڵایی». (١٠)

ڕووکردنەوەکە باشە، بەڵام زانیاری تەواویان نەبووە، بابەتی کۆتەڵ لە مێژووی شانۆی کوردیدا ناوی بە «کردەوە لە شانۆ چووەکان هاتووە»، دواتر ئەم بابەتە باس دەکەین، کە زۆربەی نووسەران بە هونەری شانۆیی نازانن. پێشاندانی کۆتەڵ و پێناسەکردنی وەک (شانۆگەری) لە ڕووی زانستییەوە دەچێتە ناو کەلەپووری هونەری کوردی کە بەشێکی گرنگ لە کولتووری کوردی پێکدەهێنێت. ئەو دانپێدانانە ئەگەر نووسەری خۆماڵی بێت ئەوە زۆر باشە و دەچێتە چوارچێوەی کۆششی کولتووری نەتەوەیی، ئەگەر نووسەرەکە بیانیش بێت، ئەوە بێ گومان باشترە، چونکە ئەو نووسەرە بیانییە دەبێتە ناوبژیوانێک بۆ لێککردنەوەی جیاوازییەکان لە ناسین و پێناسەکردنی کولتووری نەتەوەیی، کە دواجار دەبێتە موڵکی هەموو مرۆڤایەتی. ئەم گۆشە تایبەتییەی کولتووری کوردی چەندە بچووک بێت، ئەوەندە شکۆمەندی بە هونەری کوردی دەدات و ئەوە دەسەلمێنێ کە گەلی کورد لە دێرزەمانەوە هونەری شانۆیی هەبووە، بێ گومان نەوەکانی ئایندە هەر بەوەندە بڕوا و متمانەیان بەو پێناسانە نایەت، ئەوان و ئێمەش دەمانەوێ لەوە بگەین، واتە بە پێوەری زانستی ئەو هونەری شانۆییە چۆن بووە کە لە دێرزەمانەوە هەمانبووە، ئیتر لێرەوە دەبێتە ئەرکی ئەو نووسەرانەی کە بڕوایان بەو بۆچوونە هەیە و پێویستە بیسەلمێنن پێکهاتە هونەرییەکانی چۆنن و چۆن پەیدابوونە، پەیوەندی ئەو هونەرە بە بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان چۆن بووە. کە دەگەڕێینەوە لای ئەو بابەت و هۆکارانە و نووسینی چەندان نووسەر دەخوێنینەوە، بەڵام هەر یەکەیان بە جۆرێک خوێندنەوەیان بۆ مێژووی شانۆی کوردی کردووە، نزیکترین کەسیش لەو بۆچوونەی (میجەر نۆئیل) مێژوونووس و ڕەخنەگری شانۆیی (محەمەد تەیموور)ـە.

(محەمەد بەکر تەیموور) ناسراو بە (محەمەد تەیموور) ڕەخنەگر و مێژوونووسی شانۆی کوردی، مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی بوو، کاری ڕۆژنامەوانی دەکرد، یەکێک بوو لە هاوڕێیانی حزبی کۆمۆنیستی ئێراقی، لە بواری ڕەخنە و مێژووی شانۆی کوردیدا بۆچوون و بەدواداچوونی تایبەتی خۆی هەبوو. لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو زۆر بە ڕاشکاوانە هەوڵی داوە بوونی هونەری شانۆی کوردی، ئەوەی کە بۆ سەدەکانی بەر لە زایینی دەگەڕێتەوە، بسەلمێنێ، بۆیە لێرەوە ناچارین زۆر بە وردی بچینە ناو هزر و بابەتەکانی ئەو نووسەرەی کە لەناو کوردستان، پێشی (نۆئێل) وتوویەتی کورد شانۆی هەبووە. دواتر بە چەندان ساڵ ئەو بۆچوونەی (نۆئێل) لە کوردستان بڵاوکرایەوە، کە مێژووەکەی بۆ ساڵی ١٩١٩ دەگەڕێتەوە، واتە پتر لە پەنجا ساڵ بەر لە هەموو نووسەرانی کورد لە دەرەوەی کوردستان؟! ئێستا گومانێکمان لەلا دروست دەبێت، ڕەنگە (محەمەد تەیموور) ئەو بۆچوونەی بە زمانی عەرەبی خوێندبێتەوە، بەڵام چۆن دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامە، بێ گومان کارێکی ئاسان نییە، گەڕان و پشکنین و پرسیاری زۆری دەوێ. ئەوەی کە بۆ ئەم بۆچوونە گرنگە، گەڕانەوەیە بۆ دۆزینەوەی سەرەتای دروستبوونی ئەو بۆچوونە لەلای (محەمەد تەیموور).

(سەباح هرمز) ڕەخنەگری شانۆیی لە ساڵی ١٩٧٩ وتارێک لەبارەی کەسایەتی شانۆی کوردی بە زمانی عەرەبی بڵاودەکاتەوە، (کەمال غەمبار)ی ڕەخنەگری شانۆیی و ئەدەبی کوردی، وەک بەدواداچوون هەر بە زمانی عەرەبی بە وتارێک وەڵامی (سەباح هرمز) دەداتەوە، ئینجا دوای ئەو بۆچوونە، بە وتارێک، هەڵچوونێکی ڕەوا لە (محەمەد تەیموور) لە دژی (سەباح هرمز) دەبینین. لە وتارەکەی (تەیموور)دا هاتووە، سەباح دەڵێت: «شانۆی کوردیمان کە نۆ ساڵ بەسەر پەیدابوونیدا تێپەڕ نەبووە». (١١)

ئەویش بەو شێوەیە وەڵامی دەداتەوە «ئەو هەڵوێستە

ئەگەر واتایەکی هەبێت، ئەوەیە کە ئەو بێ ئاگایە لە بزاڤی شانۆی کوردی و ئەو گەشەکردنەی کە لە بیستەکانەوە (سەدەی ڕابوردوو) بەسەریدا هاتووە». (١٢)

ئەم وەڵامە دوو شیکردنەوە هەڵدەگرێت، یەکەم: شانۆی کوردی پێش بیستەکان هەبووە، بەڵام لەوساوە گەشەکردنی بەخۆیەوە بینیوە. دووەم شانۆی کوردی لە بیستەکانەوە پەیدا بووە، لەم شیکردنەوەیەدا، ئەو بە ڕاشکاوی ناڵێت: (شانۆی کوردی لە بیستەکان پەیدا بووە)، بەڵام کە وتارەکە دەخوێنینەوە، ئەو ئاماژەیە دەخوێنینەوە کە شانۆکەمان لە بیستەکان پەیدابووبێت، بەتایبەتی لە بابەتەکەدا ئاماژە بۆ ئەو شانۆگەرییانە نەکراوە کە لە بیستەکان پێشان دراون وەک (سەلاحەددینی ئەیووبی) ١٩٢١ لە هەولێر و شانۆگەریی (علم و جەهل) لە ١٩٢٦ لە سلێمانی، تەنیا ناوی هەندێ لەو شانۆگەرییانەی هێناوە کە لە سییەکان بەرەو سەرەوە تا حەفتاکان پێشان دراون. لەوانە: شانۆگەریی (نیرۆن) ١٩٣٠ - ١٩٣١ ڕواندز. شانۆگەریی (ئۆتێلۆ) هەولێر ١٩٣٨ دووبارە لە ١٩٥٣. لەو بەدواداچوونەی (محەمەد تەیموور) لە دژی (سەباح هرمز) بەڕاستی هیچ ئاماژەیەک ناخوێنینەوە کە لە کەلەپووری کوردیدا هونەری شانۆیی هەبووبێت. هەر لە ژێر کاریگەریی ئەو کوفرەی (سەباح هرمز) دوای سێ مانگ لە هەمان ڕۆژنامە (محەمەد تەیموور) زنجیرە وتارێکی سێ ئەڵقەیی لەبارەی مێژووی شانۆی کوردی و کەسایەتییەکانی بڵاودەکاتەوە. لەبەشی یەکەمدا تێدەگەین نووسەری ناوبراو بەتەواوی لە گەڕان و لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی شانۆی کوردی سەرقاڵ بووە، ئەوەشمان لەلا ڕوون دەبێتەوە کە هێشتا زۆر شت ماوە یەکلایی نەبوونەتەوە. لە سەرەتای ئەو زنجیرەدا هەندێ پرسیاری گرنگ دەکات، کە تا ئێستا یەکلایی نەکراوەتەوە، ئەمەش وای کردووە، هەر کەسە بۆ خۆی ئەوەی بیەوێ ئەوە دەنووسێ. پرسیارە هەرە گرنگەکە دەڵێت:

ئایا کورد هونەری شانۆی ناسیوە؟ کەی بووە؟ لەسەر ئەم پرسیارە بنەڕەتییە، چەندان پرسیاری بەراوردکاری دەبێتە هەوێنێک بۆ لێکۆڵینەوە و گەڕان بەدوای وەڵامی ڕاستەقینەدا. ئایا سەرەتای شانۆی کوردی وەک شانۆی ئەغریقی بووە، یان وەک شانۆی ڕۆمانی بووە؟ ئەگەر وەک سەرەتای پەیدابوونی ئەو دوو شانۆیە نەبێت، ئەوە شانۆیەکی وەرگیراو و نوێیە، بۆ ئەم وەڵامەش سێ



محەمەد تەیموور

نیشانەی سەرسوڕمانی داناوە، ئینجا نووسەر ئەم پرسیارە دەکات، ئایا دەشێ ئەوها بگوترێ و کورد لە دێرزەمانەوە هونەری خۆی هەبێت لە نواندندا و شانۆکەشیان ڕەوتێکی دێرینی هەبێت. ؟ بۆ ئەم پرسیارە نیشانەی سەرسوڕمانی داناوە. (١٣)

لەم پێشەکییەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە (محەمەد تەیموور) لەو بڕوایەدایە کە گەلی کورد لە دێرزەمانەوە هونەری شانۆیی هەبووە، ئینجا بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەی هەندێ ڕواڵەتی کولتووری بەنموونە دەهێنێتەوە لەوانە، حەکایەتخوان لە گوێی ئاگردان، بووکە بە بارانی - کۆسە بەبە، بەهونەری نواندن پێناسەیان دەکات، دەڵێت: ئەوانە جۆگەلەیەکن لە جۆگە درامییەکانی (نواندنەکان، گۆرانییە کۆمەڵەییەکان، حەکایەتەکان) ڕەچەڵەکی مێژوویی ئەو پێشاندانانە و چەندانی دیکە لە چوارچێوەی نواندندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەفسانەکان و حەکایەتی میللی و داستان ڕووداو بە هەموو جۆرەکانییەوە، بۆ سرووتەکان و هێدی هێدی جیابوونەوەیان تا دوا جار بووە بە پێشاندانی دنیایی. (١٤)

لێرەدا نووسەر مەبەستی ئەوە بووە بڵێ سەرەتای ئەو پێشاندانانە ئایینی بوونە، ئینجا جیابووەتەوە، بێ گومان ئەم لێکدانەوە جێبەجێکردنی هەمان تیوری پەیدابوونی هونەری شانۆی گریکییە. لە پێناسەکردنی بۆ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە کولتووری کوردیدا باسی ئاهەنگی ژنهێنان و خوانەکان دەکات، بە شێوەیەک کە نزیک بوونە لە «پێشاندانی گاڵتەجاڕی نزیک لە

میلۆدراما -ڤۆدڤیل». (١٥)
هەر لەو بەشەدا، لەبارەی قوتابخانە ئایینییەکان، کە شوێنی مۆڵەت پێدانی فەقێیان بوونە. لە ئاهەنگی دەرچوون و بۆنەکان، جۆرێک لە نواندنی ڕێکوپێک پێشان دراوە، هەروەها لە بواری دەرهێنان و ڕێکخستنی دواندنەکان و لایەنە هونەرییەکانی دیکە. بۆ ئەم بۆچوونەشی چوار نموونە دەهێنێتەوە، نواندنەکانی (پاشایانێ، دختۆر، ئاشەوان، کێشەی دوو برا).

لە بەشی دووەم و سێیەمیدا کە پێوەندی بەم بەشەی ئێمەوە نییە، دێتە سەر چالاکییەکان و هەندێ لەو شانۆگەرییانەی کە لە ساڵەکانی ١٩٣١ بەرەوسەر لە کوردستان پێشان دراون، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی هەندێ لایەنی کەسایەتی لە شانۆی کوردیدا. لەم سێ بەشەدا هێشتا هەردوو شانۆگەریی هەولێر (میری دیل ١٩٠٥ ) و (سەلاحەددینی ئەیوبی ١٩٢١ ) نەدۆزراونەتەوە. پێ دەچێ ئەو کاتە هێشتا لە سەروبەندی گەڕان و پشکنیندا بووبێت، چونکە داوا لە نووسەران دەکا پەلەنەکەن لە دیارکردنی یەکەمین شانۆگەری لە کوردستان، دڵنیایان دەکاتەوە کە پێشاندانی کۆنتر هەیە. (١٦)

دوای پێنج مانگ بەسەر زنجیرەی یەکەم لە ئۆغستۆسی هەمان ساڵ ١٩٨٠ بە زنجیرە وتارێکی سێ ئەڵقەیی ئەو ژانەی کە لە ئەنجامی کوفرەکەی (سەباح هرمز)ـەوە هەڵیگرتبوو بە بۆچوونێکی زۆر نوێ و ڕەسەن، ئەگەر جیاوازیشمان هەبێت، مێژوویەکی نوێی شانۆی کوردی هێنایە بوون. لە بەشی یەکەمی ئەو وتارە مێژووییەیدا دەڵێت: «لە وتارەکانی پێشوومان‌دا – ژمارەکان دیارکراوە– ئاماژەمان بۆ هێڵی سەرەکی شانۆی کوردی کرد بە هەردوو قۆناغەکەی کلاسیکی و نوێ، وتمان ئەوەی دوایی (واتە شانۆ نوێیەکە) دەرهاویشتەی چارەگی کۆتایی سەدەی نۆزدەم بووە لە کوردستان، واتە لەگەڵ بوژانەوەی ڕۆشنبیری کوردی و شانۆ کە گرنگترین بنیادە، دەگۆڕێ بە گۆڕانی واقیعی کۆمەڵایەتی». (١٧)

بە ڕاستی ئەو ڕاوبۆچوونەی ڕەخنەگر و مێژوونووسمان (محەمەد تەیموور) تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت، ڕچەشکاندنێکی ڕاستەقینەیە لە پێناسکردن و پۆلێن کردنی هونەری شانۆی کوردیمان، بە جیاوازی لەگەڵ تەواوی نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد کە لە دەرگای مێژووی شانۆی کوردییان داوە. دەکرێ بڵێین، ئەو پۆلێنکردن و پێناسەکردنە موڵکی نووسەر خۆیەتی، هیچ کەسێکی دیکە، ئەگەر نزیکیش بێت لە ئەو، نابێتە بەشداری ئەو ڕێچکە هزرییە کولتوورییەی کوردی.

نووسەر بەر لەوەی بچێتە سەر قۆناغەکان و شێوازەکان دەربخات دەڵێت:

«بەدیارخستنی واقیعی درامی هەر گەل و نەتەوەیەک، ناکرێت، تەنیا لە ڕێگەی خستنە ڕووی مێژووی پەیدابوونی دراما و ڕەگە گەشەکردووەکانی لە ئەدەبی شانۆیی کەلەپووری و نووسراودا بە پێی سەردەمە مێژووییەکان دەبێت، ئەوەی کە تێبینی دەکەین لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە جیهانییە هاوچەرخەکاندا». (١٨)

ئەم پاساوە، بۆ ئەم گۆشە مێژووییە، بەلای منەوە زۆر گرنگ نییە، ئەگەرچی لەناوەرۆکدا زۆر ڕاستە، بەڵام مەرج نییە ئەوەی (تەیموور) دەیلێ ڕێک بەو پێوەرە بنیادنرابێت، ئەمە دواتر لەبابەتی ڕەخنەدا ڕوونی دەکەینەوە. نووسەر دەڵێت: «دوای لێکۆڵینەوە لە بارەی شانۆی کوردی گەیشتینە ئەو ئەنجامە کە کورد نواندنیان زانیوە – لاسایی – لاسایی کردنەوە – لەچاوکردن – لەچاوکردنەوە) دراما و شانۆی خۆی هەیە مێژووەکەی ئەم سەدەی ئێستامان تێدەپەڕێنێ بۆ سەدەکانی پێش زایینیی، بۆیە بە پێویستمان زانی مێژووی شانۆی کوردی دابەشی سێ قۆناغ بکەین، یەکەم و دووەمیان کلاسیکییە ئەوەی دوایشیان نوێیە.». (١٩)

لێرەدا بەشی یەکەمی وتارەکە تەواو دەبێت، من بەسەر بابەتی یەکەمین شانۆگەری و نووسەری ناوبراو هەر لەو ئەڵقەیەدا پازدەدەم، بەو هیوای لە بەشی قۆناغی شانۆی نوێ دووبارە ئەو بابەتە باس بکەم. ئێستە ئێمە ئەو گۆشەیە دەخەینە ڕوو، کە دەڵێت «گەلی کورد لە دێرزەمانەوە هونەری شانۆیی هەبووە»، بێ گومان هەر نووسەرێک ئاوها بەڕاشکاوی بابەتەکانی پۆلێن بکات، توێژینەوەی لەسەر نموونەکان کردووە، ئینجا گەیشتووەتە ئەو ئەنجامە. لە بەشی دووەمدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەوڵی داوە پەیدابوونی شانۆی کوردی بە شانۆی گریکی ببەستێتەوە. مێژووی کۆنی شانۆی کوردی کە بە کلاسیک پێناسە دەکات و دەیباتەوە بۆ دوو قۆناغ، لە قۆناغی یەکەمدا دەچێتەوە سەر هۆکاری پەیدابوونی شانۆی کوردی و لە شارستانییەتی میدییەکانەوە دەست پێ دەکات، دەڵێت: «میدییەکان ساڵانە دوو میهرەجانیان هەبوو، لە جەژنی سەرەکی – پاییز – لە دووەمیشدا لە جەژنی بەهاری میللیدا لە مانگی ئادار، دوای ئەوەی میدییەکان بوونە زەردەشتی، جەژنی دووەم لە بەهاردا بوو بە جەژنی سەرەکی (جەژنەبەهار – سەرەساڵ – نەورۆز. لەو جەژنەدا بە شێوەیەکی فراوانتر

و گشتی تر میهرەجانەکان سازدەکران، بۆ ماوە (٣ - ٦ ) ڕۆژ بەردەوام دەبوو، لە ڕۆژەکانی یەکەمدا سرووتەکان پێشان دەدران، مەرسوومەکان دەردەچوون، چەندان بڕیار دەردەچوو، لەوانە دانانی پاشا، یان لادانی. لە ڕۆژانی کۆتاییدا میهرەجانە میللییەکان سازدەکران، سرووتەکان دووبارە دەکرانەوە، لاساییکردنەوە و ئەفسانەکان و قارەمانێتییەکان لەگەڵ پێشاندانی کۆمیدیای گاڵتەجاڕی لە لایەن کاهین و حەکایەتخوانەکان پێشان دەدران. لێرەوە جیابوونەوەی تەواو لە نێوان پێشاندانی ئایینی و دنیایی دەبینین. لە کوردستاندا شانۆیەکی میدی لە تەنیشت پەرستگای سەرەکی لە (ئەکباتان - هگباتان - هەمەدان) دەبینین». (٢٠)

ئەم بەشە بۆخۆی لە دوو بەش پێکدێت:- بەشی یەکەمی تایبەتە بە شانۆی میدییەکان، بە قۆناغی پێشی ئیسلام پێناسەی دەکات، بەڵام ناوی هیچ دەقێکی شانۆیی، هەروەها ناوی هیچ نووسەرێکی ئەو سەردەمە نابات، نە لە دوور نە لە نزیکەوە باسی دەق و نووسەر ناکات، لەکۆتایی بەشی میدییەکاندا دەڵێت: «لێرەوە دەوستین بەو هیوایەی بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت بگەڕێینەوە سەری». (٢١)

بێ گومان لە نێوان هەبوونی دەق و نووسەر و نەبوونی دەق و نووسەری شانۆیی لەلای میدییەکان، مەودایەکی زانستی یەکجار زۆرە، نووسەر بۆ خۆی پێشتر ئامۆژگاریمان دەکات لە دیارکردنی یەکەم شانۆگەری پەلە نەکەین، چونکە ئەوە ڕۆژگارە، زۆر شت ماوە پێویستی بە گەڕان و لێکۆڵینەوە هەیە، ئەمەش مەودای خۆی هەیە، ناکرێ ئەو مێژووە بۆ چارەنووسی تویژینەوەکانی ئاییندەیەکی نادیار جێ بهێڵرێ، بەتایبەتی بۆ ئێستا کە پتر لە سی و هەشت ساڵ بەسەر ئەو بەدواداچوونانەدا تێپەڕیوە، ئیتر کاتی یەکلاییکردنەوە هاتووە. لە بابەتی دووەمی بەشی دووەمدا نووسەر دێتە سەر شانۆی کوردی دوای هاتنی ئیسلام، لەو بابەتەشدا نووسەر بیەوێ، یان نەیەوێ دەکەوێتە بەراوردکاری لە نێوان هێز و دەسەڵاتی مەسیحییەت بەسەر هونەری شانۆدا کە بەرەو تاریکی برد، بەڵام دواجار هونەری شانۆ خۆی نوێ کردەوە و سەرکەوتنی گەورەتری بەدەست هێنا، ئەو هێزەش بۆ هەتا هەتایە دۆڕاندی.

دەڵێت:- «لە کوردستان دوای هاتنی ئایینی ئیسلام هونەری شانۆ هەبووە، وتمان ئایینی ئیسلام وێنەی هونەرەکانی ئاخاوتن و سەما و شاییە جۆراوجۆرەکان و گۆرانی ئاهەنگەکانی نەگۆڕییەوە، تەنیا ئەوە نەبێ کە لەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلام نەدەگونجا، ئەمەش بووە هۆی دوورخستنەوەی دراما و پێشاندانەکان، هەروەک چۆن مەسیحییەت ململانێی شاقوولی ڕەت کردەوە کە ڕووبەڕووی ئازادی مرۆڤ و ویستی خواوەندە جۆربەجۆرەکان دەبووەوە، هەروەک شانۆی یۆنانی و شانۆی میدی». (٢٢)

بێ گومان هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ کوردستان بۆ گەلانی دیکەی ناوچەکە زۆر شتی گۆڕیوە، کاریگەریی بەهێزی لەسەر کولتووری ئەو گەلانە پەیداکردووە، لەو بۆچوونەدا ئەو قۆناغە بە سەردەمی تاریکی درامای کوردی دادەنرێ بە پێوەری ئەو نووسەرانەی کە لەو بڕوایەدان لە دێرزەمانەوە لە کوردستان هونەری شانۆیی هەبووە، دەرخستنی ئەو سەردەمە تاریکییە لەلایەکەوە دیارنییە، لەلایەکی دیکەوە، بە پێی (فتوحاتی ئیسلامی)، یان بەپێی (وەرگرتنی ئایینی ئیسلام) لە شوێنێکی کوردستان بۆ شوێنێکی دیکە دەگۆڕێ، لێرەدا مێژوو وەک ئەڵقەی پچڕاو خۆی دەردەخات، بۆیە دەبینین نووسەر ئەم جارە لە گۆشەنیگای ئایینی ئیسلامەوە، جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە سەر دراما لە کوردستان لە سەردەمی ئیسلامدا، دەڵێت «گۆڕانکاری لە پەرستن - عبادەت - بۆ سرووت، لە سرووت بۆ پێشاندان لە ئایینی ئیسلامیشدا ئەمە هاتەدی لە ڕێگەی وێناکردنی ئەفسانەکان و داستانەکان و ڕیوایەتەکان و حەکایەتەکان و ئەوەی کە ئیسلام خستییە سەری لە ڕێگەی بانگخوازیی ئیسلامی و بڵاوبوونەوەی لەبارەی سەرکەوتنەکان و کارەساتەکان، لەو گۆڕانکارییەدا ململانێی درامی کورت کرایەوە بۆ ئەو ململانێیەی کە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە لە ململانێی ئاسۆیی یاساکانی کۆمەڵگە و ململانێکانی ناو کۆمەڵ لە نێوان خێر و شەڕ ململانێی دینامیکی قەزاوقەدەر و ڕێککەوت». (٢٣)

گۆڕانکاری لە پەرستن بۆ سرووت، پاشان لە سرووت بۆ پێشاندان، ئینجا لە پێشاندانی ئایینی بۆ پێشاندانی دنیایی بە ساڵێک و دووان نایەتەدی، بەڵکو پێویستی بە چەندان قۆناغ و سەردەمی جیاواز هەیە تا بەو شێوەیە گەشەبکات و هونەری دراما نەمری خۆی بگەڕێنێتەوە، ئینجا دوای هەموو ئەوانە قۆناغی نوێبوونەوەیە لە هونەرەکەدا. سەبارەت بەتەواوی هونەرەکان، بەتایبەتی دراما لە کوردستان قۆناغەکانی پچڕاون، لێکردنەوە و پێناسەکردن و دووبارە لەیەک گرێدانەوەیان شتێکی ئاسان نییە، لێرەدا، من نامەوێ ڕەخنە لەو بۆچوونەی

مێژوونووسەکەمان بگرم، بەڵام خوێنەری پسپۆڕ بۆ ئەو هەموو گۆڕانکارییە بەڵگەی دەوێ، لە پێش هەموو شتێکیش ئەو دەقانەی دەوێ کە لەو گۆڕانکارییانەدا پێشان دراون. لە یەکچوواندنی شانۆی گریکی بە شانۆی کوردی شتێکی زۆر باشە، ئەوە جۆرێکە لە سەلماندنی زانستی، بەڵام بەهەمان پێوەری گریکی پێویستیمان بە پێکهاتە هونەرییەکانی درامایە، وەک چۆن لە شانۆی گریکیدا زۆر بە وردی هەر هەمووی هەیەو تا ئەمڕۆش کاریگەریی لەسەر شانۆی جیهانی ماوە. نووسەر پاش ئەوەی باسی ڕۆڵ و کاریگەریی ئایینی ئیسلام دەکات، ئینجا جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە ناو قوتابخانە ئایینییەکان و بەشێوازێکی دیکە هونەری درامای کوردی دەخوێنێتەوە، کە لەگەڵ ئایینی ئیسلام گونجاو بووە. دەڵێت: «مزگەوت و پەرستگە و قوتابخانەکان ڕۆڵیان لە هێنانە کایەی ئەو پێشاندانانە هەبووە، لەبەر ئەوەی تەنیا شوێنی پەرستن نەبووە بەڵکو قوتابخانە و شوێنی کۆبوونەوە و نیشتمانی هونەرەکان بووە و لە خۆشی و پێکەنین بێ بەش نەبووە، پێشاندان هەبووە سرووت و فەریزەکان و دابونەریت و جەژن و نواندن و یارییە فۆلکلۆرییەکان بەرجەستە دەکران». (٢٤)

لە بارەی کەلەپووری گەلانی جیهان و کەلەپووری کوردی، بەتایبەتی کە بنەمای سەرەکی ئەم بەشەی ئێمەیە، دەکەوێتە ژێر چەندان کاریگەریی شوێنکاتەکان، ڕواڵەتە کەلەپوورییەکان بەردەوام بە پێی سەردەمە مێژووییەکان و ڕووداوەکان گەشە دەکەن، هەندێکیان لەناو دەچن و هەندێکی نوێ لەدایک دەبن، بەتایبەتی لەو کاتانەی کە پەیوەندییان لەگەڵ دراوسێکانیان باش بێت، کەلەپوور پتر گەشە دەکات و لە شوێنی خۆی ناوەستێت. ئەوەی ڕاستییە و نکوڵی ناکرێ ئەوەیە کە کەلەپووری کوردی زۆر دەوڵەمەندە و توانیویەتی بە درێژایی مێژوو پارێزگاری لە بنەماکانی بکات، لەگەڵ ئەو هەموو هەڕەشەی لەناوبردن و شاڵاوە بەدکارییانەی کە بەسەر گەلەکەماندا هاتوون، کەلەپووری کوردی بەتایبەتی هونەرەکەی زۆر خۆڕاگربووە، لەبەر ئەوە بۆچوونەکانی مامۆستا (محەمەد تەیموور) من بۆ خۆم وەک خەباتێکی نەتەوەیی تەماشای دەکەم، بەڵام بەڕاستی لەو بابەتە گرنگەدا زۆر پێویستمان بە سەلماندنی زانستی هەیە، بۆ ئەوەی لە هەڵچوون و سۆزی نەتەوەیی دوور بین، بەتایبەتی کاتێک لەگەڵ شانۆی یۆنانی بەراوردی دەکەین، یان لێی نزیک دەکەینەوە، ئەوە پێویستیمان بەهەمان ئەو بەڵگانە هەیە کە توێژەرانی زانستی لە مێژووی شانۆی یۆنانیدا خستیانە ڕوو. نووسەر هەر لەو بەشەدا لەبارەی گەشەسەندنی دراماوە دەڵێت: «لە ئاهەنگی دیوەخانەکان لەوانە میرنشینی بۆتان بۆ نموونە، ئەو ڕواڵەتانە گەشەیان کردووە هەندە یاریدەدەر بوونە لە پێکهێنانی شێوازە شانۆییەکان لە سەدەی نۆزدەدا، چەمکی درامای نوێی وەرگرتووە، بەتایبەتی دوای ڕووخانی یەکە یەکەی میرنشینەکان». (٢٥)

بەر لەوەی کۆتایی بە بەشی دووەم بهێنێ نووسەر دەگەڕێتەوە سەر بنەمای زانستی لە توخمەکانی شانۆیی، نواندن، بەدیارخستن، کردار، لە سادەترین شێوەدا، لەکاتێکدا ئەو لە قۆناغی یەکەمیدا بڕوای تەواوی بەوە هەبوو، کە گەلی کورد لە دێرزەمانەوە هونەری شانۆیی هەبووە، بۆیە جارێکی دیکە گەڕانەوە و ئانیشک دانان لەسەر سەرچاوەی زانستی شتێک ناخاتە سەر پێناسەکردنی کولتووری هونەریمان، بەبێ هێنانەوەی نموونەی زیندووی شانۆیی وەک ئەوەی لە شانۆی یۆنانیدا هاتووە، ئینجا دەچینە بەشی سێیەمی وتارەکە کە بێ گومان هیچ دەرفەتێک نامێنێتەوە تەنیا نموونەکان نەبێت، ئەویش بەڕاستی لەو نموونانەوە دەست پێ دەکات کە بڕوای تەواوی پێ هەیە، کە ئەوانە هونەری شانۆیین، بەتێکەڵاوی لە نێوان هەموو سەردەمەکاندا.

ئەو بەشە لە هەشت نموونەی چڕوپڕ لە شێوازی جیاواز پێکدێت، هەر یەکەیان لە چەند دێڕێکدا کورت کراوەتەوە. سەما و شایی لە نموونەی یەکەمدا وەک ڕەگی درامی و خودی دراما پێناسەی دەکات. لە کەلەپووری هونەری کوردیدا چەندان جۆرە سەما و شایی جیاواز هەیە، نووسەر ناوی هیچ یەک لەو شاییی، یان سەمایانەی نەبردووە، کە وەک ڕەگێکی هونەری بچێتەوە سەر دراما، ئەو بەگشتی سەما و شاییەکان بە خودی دراما پێناسە دەکات. لە نموونەی دووەمدا دەچێتە سەر ڕۆژی لەدایکبوون. لەو ڕۆژەدا لە کولتووری کوردیدا ئاهەنگ و ڕێوڕەسمی تایبەتی بۆ خزم و ناسیار دەرودراوسێ سازدەکرێ. مۆم دادەگیرسێ، حەکایەتی شەو دەگێڕێتەوە، منداڵە لە دایکبووەکە دەخرێتە ناو بێژنگێک، بخوور لە ماڵەکە دادەگیرسێ، شێوازێک لە پێشاندان سازدەکرێت، نووسەر لە مێژووی شانۆدا بە هونەری دراما پێناسەی دەکات. لە نموونەی سێیەمدا دێتە سەر کۆتەڵ و بە دیمەنێکی تەمسیلی پێناسەی دەکات، لەگەڵ هەندێک ڕوونکردنەوەی زیاتر لە (مێجەر نۆئێل). لە نموونەی چواردا دێتە سەر زەماوەند دەڵێت:

(تیپەکان، یان خزم و ناسیاری بووک و زاوا نواندن دەکەن. تابلۆی میلۆدرامی و کۆمێدی لەبارەی ژیانی ژن و مێرد پێشان دەدرێ، لە نموونەی پێنجەمدا دێتە سەر بابەتی سەکۆ، کە لەگوندەکان لەبەردەم ماڵی ئاغا، یان کوێخا، یان هەر کەسێک توانایی هەبێ دروستی دەکات.

لەسەر ئەو سەکۆیانە چەندان چالاکی کولتووری سازدەکرێن، وەک ئەوانەی کە نووسەر لە گۆرانی و کێبڕکێی شیعری و حەکایەت و داستانی خۆشەویستی، وەک مەم و زین، قەڵای دمدم، شیرین و فەرهاد، خەج و سیامەند، لاس و خەزاڵ دیاری کردوون. نووسەر هەموو ئەو چالاکییە کولتوورییانەی بە هونەری دراما لە مێژووی شانۆی کوردیدا پێناسەکردووە. لە نموونەی شەشەمدا دێتە سەر حەکایەت و حەکایەتخوانی لە شەوانی زستاندا، ئاماژە بۆ جووڵانەوەی حەکایەتخوان لە دیمەنی زنجیرەی حەکایەتەکاندا دەکات. لە نموونەی حەوتەمدا، گۆرانیبێژ و ستایشکاران و تیپە گەڕۆکەکان بە هەردوو جۆریان ئایینی و دنیایی دەچنەوە سەر هونەری دراما لە مێژووی شانۆی کوردیدا. لە دوایین نموونەدا، هەموو ئەو چالاکییە کولتووریانە دەخاتە چوارچێوەی ئاهەنگەکانی پاییز، کە پڕن لە شێوازی جۆراوجۆر، لەوانە، ساوارکوتان، بووکە بەبارانێ - کۆسە بەبە، ماڵ ماڵانێ، مەیل مەیلانێ، میری گزیران، گوێدرێژ و ئاشەوان، ئەو شێوازانە بە جیاوازی لە بنیادی هونەرییاندا بە بۆچوونی ئەو جۆرێکن لە هونەری درامی.

لێرەدا نایشارێتەوە داوامان لێ دەکات بۆ کتێبی (یاریەکانی کوردەواری - محەمەد کەریم شەریف ١٩٧٠) بگەڕێینەوە، بەڕای نووسەر هەموو ئەو چالاکییانەی کە پشت بە هونەری نواندن دەبەستن و دەقەکانیان بە (سەرپێیانە) پێشکەش کراون، بەشێکی گرنگ لە هونەری درامای کوردیدا پێکدەهێنن. (٢٦)

زنجیرەکە تەواو دەبێت چەشنی زنجیرە وتارەکەی پێشوو هیچ جۆرە دەقێکی شانۆیی ناخوێنینەوە کە نووسەرێک لە سەردەمێکی دیاریکراودا دەقەکەی نووسیبێتەوە، هەموو ئەوانەی کە باس کران دەچنەوە ناو هەگبەی کەلەپووری هونەری کوردی، کە چەندان نووسەری دیکە پێناسەی جیاوازیان بۆ کردووە، دواتر دووبارە بە شێوەیەکی دیکە دەگەڕێینەوە سەر ئەو شێوازە هونەرییە جیاوازانەی لە کەلەپووری هونەری نەتەوەکەماندا هەن.

**سەرچاوەو پەراوێز:**

**١- یادداشتەکانی مێجەر نۆئێل، ل١٢ وەرگێڕانی حوسێن ئەحمەد جاف و حوسێن عوسمان نێرگسەجاڕی، ١٩٨٤.**

**٢- هەمان سەرچاوە ل٥.**

**٣- هەمان سەرچاوە.**

**٤- هەمان سەرچاوە ل٤٩.**

**٥- هەمان سەرچاوە.**

**٦- هەمان سەرچاوە ل١٤٩.**

**٧- هەمان سەرچاوە.**

**٨- هەمان سەرچاوە ل١٤٩.**

**٩- هەمان سەرچاوە ل١٤٩.**

**١٠- هەمان سەرچاوە.**

**١١- محمد تیمور، (ملاحظات حول مسار المسرح الكردي وشخصياته) جريدة (العراق) لە ١٩٧٩/١٢/١٠ لەم وتارەدا ئاماژە بۆ بەدواداچوونی (کەمال غەمبار) دەکات کە لە هەمان ڕۆژنامە لە ڕۆژی ١٩٧٩/١١/١٢ دەرچووە و وەڵامی وتارەکەی (سەباح هرمز) ی داوەتەوە بەناوی (دراسة في الشخصية المسرحية الكردية) کە لە ١٩٧٩/١٠/٢٥ بڵاوکراوەتەوە.**

**١٢- هەمان سەرچاوە.**

**١٣- محمد تيمور، مسار المسرح الكردي و شخصياته، جريدة (العراق)، ١٩٨٠/٣/١٣.**

**١٤- هەمان سەرچاوە.**

**١٥- هەمان سەرچاوە.**

**١٦- هەمان سەرچاوە، دوای چوار ساڵ بەسەر بڵاوبوونەوەی ئەو زنجیرە وتارە، (محەمەد تەیموور) شەوێک لەماڵی ئێمەدا لە گەڕەکی تەیراوە میوانم بوو، بە دەستنووسی خۆی هەندێ شتی لەسەر کۆپی وتارەکانی چاککردەوە و هەندێ تێبینی نوێی تۆمار کرد، بڕوانە وێنەی دەستنووسەکە.**

**١٧- محمد تيمور، المسرح الكردي ومساره التأريخي، القسم الاول، جريدة العراق، ١٩٨٠/٨/٢٨.**

**١٨- هەمان سەرچاوە.**

**١٩- هەمان سەرچاوە.**

**٢٠- محمد تيمور، المسرح الكردي ومساره التأريخي، القسم الثاني، جريدة العراق، ١٩٨٠/٨/٣٠.**

**٢١- هەمان سەرچاوە.**

**٢٣- هەمان سەرچاوە، نووسەر بەدەستنووسی خۆی لەسەر کۆپی ئەم وتارە لەلای من کوژرانی حوسەینی بەدیار خستووە.**

**٢٤ - هەمان سەرچاوە.**

**٢٦- محمد تيمور، المسرح الكردي ومساره التأريخي، القسم الثالث، جريدة العراق، ١٩٨٠/٩/١١.**